


**باران-سوید**

لە بیری ئەوەدا بوویت کە سنوورێک بۆ سۆزت بکێشیت، سەرقاڵی داڕشتنی خشتەیەک بوویت بۆ داهاتووت، دەتویست تاپێت بکرێت لە کەسایەتییت بگۆڕیت، دەتخواست ڕەق بیت وەک ڕاستییەکانی ژیان، بێباک وەک چنگی ڕەشی قەدەرە ناوازەکانی ئەوێی وڵات و ئێرەی تاراوگە، سەخت تر لە هەڵوێستی کۆمەڵ و دۆستە خۆپەرستەکەت، گۆشەگیر دوور لەهەمووان تەنیایی هەڵبژێریت. لەو دەمەدا سەپاندنی بڕیارێکی بەو جۆرە بەسەر خۆتدا و داڕشتنی پیلانێک دژ بە خۆت، گران نەبوو لەلات. ئەگەرچی زۆر ئاسانیش نەبوو بەڵام پێت وابوو ئەوەی کە هێزی دروستکردنیشی نییە، حەتمەن توانای ڕوخاندنی هەیە. گومانت لە ماناکانی ڕاستگۆیی و ویژدان دەکرد و ئەشتزانی کە ئەمە بیرۆکەیەکی بەتاڵە لە ژیری و ئەنجامەکەشی هیچ دەبێت! بەڵام دەمارگیرانە بۆ شتەکانت دەڕوانی و چارەنووسێکی بەدت بۆ خۆت دانابوو!  ئاخر لە خەونێک ڕابووبوویت هەرەسی بە باوەڕت هێنابوو..!

ئێوارەیەکیان، ئاوی گوڵەکانی باخچەکەت ئەدا و تۆوی ڕقت لە هزرتدا شین دەکرد! دانت بۆ پاسارییەکان ڕۆ دەکرد و خولیاکانی خۆت سەرکوت و دیل دەکرد! بە ناچاری پێت بە گەڵا وەریوەکاندا دەنا و لەگەڵ دەنگی ئەواندا تۆش بێدەنگ لەناوخۆتدا هاوارت دەکرد و دەتوت؛ کاتێک نەماوە بۆ پێداچوونەوە، درەنگە بۆ بیرکردنەوە، میوەکان بە درەختەکانەوە بەسەرچوون، چیمەنەکان زەرد هەڵگەڕان، کاڵ کاڵ کاڵ کاڵ بوونەوە!

لەو دەمەدا زەنگی تەلەفۆنە دەستییەکەت لێیدا، لەگەڵ کەسێک کەوتیتە گفتوگۆ کە نەتدەناسی و نەشیدەویست پێت بڵێ چۆن ژمارەکەتی وەرگرتووە! ئەو بەردەوام ئەوەی دووپات دەکردەوە کە لە دوورەوە نزیک بە ژیان و کەسایەتیت ئاشنایە و مەبەستێتی بتدوێنێ! هەر لەویادا چەندین باسی جۆراوجۆرتان تاوتوێ کرد و وەک ئەوەی لە ساتە سەرەتاکانی تەمەنەوە پێکەوە بووبن، ئاماژەتان بە درشت و وردی شتەکان دەدا و تاوێ لەسەرخۆ و تاوێ بە خێراییەکی بێوێنە بە ئاسمانی ئەندێشەدا دەفڕین. بەو شێوەیە چەند کاتژمێرێکتان بەسەربرد و بۆ ماڵئاوایی پێی وتی؛ "لە تاریکی ئەمشەودا تۆم باش، کچە کاڵەکە"، پاش داخستنەوەی تەلەفۆنەکە، هاتە بیرت کە بیرت چووبوو بپرسی ناوی چی بوو؟! بەڵام سەیر هەستت بە ئارامی دەکرد و بێ سنوور ئاسودە بوویت. تاریکی باڵی کێشا بوو، وەلێ تۆ گزنگی نوورێک دیەی ڕۆحی دەتروکاندیت، هەستی پەی بردنی ڕووناکییەکی ئێجگار مەزن لە جێیەکی ئەم گەردوونە نوتەکەدا، ژیانی بە خانە مردووەکانت دەدایەوە و نەشئەی لێکنانی پێڵووەکان و جوتبوونی برژانگەکانت نیگایەکی گەش و ڕامانێکی پڕ ڕەنگیان دەبەخشییە دووبارە هەڵهێنان و سەرنجی دوور و قووڵی چاوەکانت!

مۆبیلەکەت توند بە دەستتەوە گرتبوو، هەرچی ڕق و قینێک هەبوو فەرامۆشت کردبوو، لە باخەکەدا هەر دەهاتیت و دەچوویت، دەسوڕایتەوە، هەر لە خۆتەوە زەردە دەیگرتیت و دەستت بە پەڕی ڕەنگاوڕەنگی گوڵەکاندا دەهێنا، لقەکانت ڕادەوەشاند و بۆنی نوستووی گوڵەکانت لەخەو هەڵدەستاند، ئاوی چیمەنەکەت دەدا و لەگەڵ چەهچەهەی پاساری و کەنارییەکاندا چەند بستێک قاچت لەسەر زەوی بەرزدەبۆوە و بە دڵ دەتچریکاند.

هەر بەو کەیف و بزێوییەتەوە باخەکەت جێهێشت و چوویتە ژوورەکەت، دەرگاکەت داخست و گڵۆپەکەت کوژاندەوە، دوو مۆمت پێکرد و بە ژوورەکەدا هاتیت و چوویت و خولایتەوە، لەناکاو دەستت بە گوڵدانێکی خاڵی سەر پەنجەرەکەدا کێشا و زرمەی کەوتن و هاڕەی ورد بوونی بەئاگای هێنایتەوە! بەڵام گوێت پێنەدا و چوویت کۆمپیوتەرەکەت هەڵکرد، وەرزی دووەمی زنجیرە مۆسیقای (چوار وەرزەکە)ت خستە سەر و تا توانیت لەسەر نوکی پێ لەگەڵ خۆتدا دەستت کردەوە بە نەرمە سەما، ئەوجا بۆ حەواندنەوە لەسەر سیسەمەکەت درێژ بوویت و بۆ ئەوەی بنوویت چاوت لێکنا، هێدی هێدی خەو لەگەڵ خۆیدا بردیتی، جەستەت شل شل وەک مردن باوەشت پێدابکات، سەدان وێنە بە مێشکتدا تێپەڕین، بێ ئاگا لەخۆت وشەی پچڕ پچڕت دەبزڕکاند و لێوەکانت دەکرۆشت:-

ئێستاکە چ ناکەم،

تەنیا دەنووم،

گەشتێکم لەبەرە،

جیهانێک نوور!

لەنێوان ئەم بڕگانەدا، دەنگێک لە هزرتدا زرنگایەوە، پێی وتی:

*"لەم کۆچەدا، بەم گڕی خەم و بەم دڵی چرایەتەوە،*

*کاروانێک لە نوور دەستپێبکا؛*

*یان دەسووتێی،*

*یانیش دەبییە شەبەنگێک لە مانا*"*

خەبەرت بۆوە، هێشتان هەر ڕاکشابوویت کە چاوت کەوتە سەر جێگای چۆڵی گوڵدانە کەوتووەکەی سەر تاقی پەنجەرەکە و پارچە وردبووەکانی. تەماشای کۆمپیوتەرەکەت کرد بێتین داگیرسابوو. دڵۆپی تکاوی ساردەوەبووی مۆمەکان بەسەر مێزتەوالێتەکەوە لکابوون، خۆت و ئەم وێنانەی دەورووبەرت لە تابلۆیەکی پڕ هەرا و بێ ناونیشان دەچوون کە بەسەر دیوارێکەوە بێدەنگ هەڵواسرابێت!

دیمەن و ڕووداوەکانی دوێنێی باخچەکەت وەک خەونێک دەهاتە بەرچاو، دیبێتت! خەونێکی گەش، وەلێ بەدواداچوون و لێکدانەوەیت ئاڵۆز دەهاتە خەیاڵ و بێ سێ و دوو کارتی مۆبیلەکەت دەرهێنا، توورتدا و بڕیارت دا ئەو کەسە نەناسراوە لەبیربکەیت.

کەوتیتەوە گوزەراندنی ژیانی ئاساییت لەگەڵ کۆششێکی زۆردا بۆ پەیڕەوکردنی ئەو نەخشە دۆزەخییەی کە داتڕشتبوو بۆ گۆڕان لەسەر چۆنێتی ژیان و کەسایەتی خۆت!

ڕۆژەکان دەڕۆن، کەسانێک لەدایک دەبن و کەسانێک دەمرن، ژیان بەردەوامە و هێشتا تۆی هەر تێدای، ئا تۆ ماویت و هەڵسوکەوت بە شتەکانەوە دەکەیت، بەڵێ هەر نەبێ شتەکانی خۆت، ئەی ئەوە نییە خۆت بڕیار دەدەیت چی بخۆیت، چی لەبەربکەیت، چۆن بڕۆیت، سەیری چی بکەیت، گوێ لە چی بگریت، چی بخوێنیتەوە، کەی بنوویت، تۆ هەموو ئەمانە دەکەیت و .... ژوورەکەت! دەتەوێت ژوورەکەت چاک بکەیت. زستان نزیک بۆتەوە، سیسەمەکەت دەخەیتەوە لای پەنجەرەکە. تۆ بە پێچەوانەی خەڵکەوە تامەزرۆی شەختە و زریانیت، پێتخۆشە شەوانی زستان لای پەنجەرەکەوە بیت و سەرماتبێت، دەتەوێ ئەو شەوانە لەو سروشتە ڕووتـبووەی دەرێ بڕوانیت و چاوت بە ڕەقبوونەوە ڕابێت، ڕوودەدا لەو شەوانەدا سەیرترین وانەی خۆڕاگری فێربیت، توانای بەرگریت لە ئاست سەختیدا بگاتە بەرکەماڵی و شۆڕشی یاخیبوونت بەرپا بێت. هەر ئەمڕۆ شتەکانی ئەم ژوورە دەگۆڕیت و چیتر دوای ناخەیت، تۆ دەمێکە نیازی ئەم گۆڕینەت هەیە، هەر ئێستا دەیکەیت، سیسەمەکە لەلای پەنجەرەکەوە دەبێت و کتێبخانەکەش کەمێک لەملاتر و لە تەنیشتییەوە، مێزی نووسینەکەش لەوبەرەوە دادەنێیت تا چاوت لە پەنجەرەکە و دیمەنی دەرەوە بێت، کاتێ دەنووسیت. ئاخر ئەو کاتانەی دەڕوانیت لە دەرەوە باران دەبارێت، تۆش لە ناوەوە دەبارێیت بەسەر خۆتدا، بەسەر دڵی خۆتدا کە هاوڕێی هەمیشەییتە و هەڵگری نهێنییەکانت.

وا هەموو شتەکانت چاککرد، یەک کالاّ و یەک جێگا ماوە، بەلاّم تۆ نیگەرانیت و نەتدەویست ئەوەیان لەویادا بێت! مێزتەوالێتەکەت، ناتەوێت بەرامبەر بە سیسەمەکەت بێت! تۆ سیمات شێواوی قەدەرێکە و لە حەوسەڵەتدا نەماوە ئامادەی قەیرانی ئاوێنە بیت. جا چجا ئاوێنەکەت بەرامبەر سیسەمەکەت بێت و یەکبینە و لە دەمی نووستن و بەئاگاهاتنتدا ڕوخساری خۆتی تێدا ببینیت! بەلاّم نا، قەیناکا، چونکە تازە تۆ بڕیارتداوە لەگەڵ دڵ ڕەقی سروشتی دەرەوەدا لەجەنگدابیت، بۆیە دەبێت پێش ئەو جەنگە، جەنگێک لەگەڵ ڕووخساری ناو ئاوێنەکەدا بکەیت..!

لەم هێنان و بردنی ژوورەدا کارتە کۆنەکەی مۆبیلەکەت بینییەوە! خستتەوە سەر تەلەفۆنەکەت، تەماشات کرد پەیامێکی ئێجگار زۆرت لە ژمارەیەکەوە بۆ هاتووە کە نایناسیتەوە! تۆ هەر زوو زەنگت بۆ لێدا و پاش ناساندنی خۆت، لە ناوی ئەوان پرسیارت کرد، ئەو لە وەلاّمدا بە دەنگێکی پڕ حەسرەت و کزەوە وتی؛ "دیمانەت بەخێر، کچە کاڵەکە"! دیسانەوە بیستنی دەستەواژەی (کچە کاڵەکە) زرنگانەوەیەک بوو دوور دوور لە گوێتدا، کەسێکی لەناو یادەوەریتدا خەبەرکردەوە! پاش هەندێک قسەکردن، هاتەوە بیرت کە هەمان کوڕە نەناسراوەکەیە کە تەنیا جارێک بە تەلەفۆن قسەتان کرد و زۆرترین شادمانیتان بەیەکتری بەخشی..! ئێستاکە هەردوو چاوت دەنووقێنیت و هەوڵ دەدەیت بگەڕێیتەوە ناو ئێوارەی باخچەکە، دەتەوێ ئەو دەمە بێنێتەوە یادی خۆت کە ئەو تەلەفۆنی بۆ کردیت و تۆش چەندە خۆشحاڵبوویت!! ئارامی بە دەمارەکانتدا گوزەر دەکات، هێور هێور دەبیتەوە، هەستی بەرکەوتنی شنەبای ئەو ئێوارەیە دیسانەوە پێستت ختوکە دەدا، لەڕێی دەنگییەوە ئاوپرژێنی چیمەنەکەت بیردێتەوە و تویژاڵێک ئەشک سەر نیگای چاوەکانت دەگرێت، وەک ئەو ئێوارەیە لەسەرنوکی پێ دەکەویتەوە سەما، بە وێنەی پەروانەیەکی کێوی ژوورەکە جێدێڵیت و دەفڕیت، بەرەو دەرەوە، دەگەیتە کەناری باخەکە و نوور لەژێر پێستتەوە دێتەدەرێ، شەوق دەدەیتەوە.

ئیدی سەرتاپا ژیانت گۆڕا، بەیانیان بە خەیاڵی ئەوەوە خەبەرت دەبووەوە، ڕۆژێکی دوور و درێژت بە چاوەڕوانی هاتنی ئێوارەوە بەسەردەبرد، چونکە هەموو ئێوارەیەک کاتی یەکتربینینتان بوو، لەسەر ئینتەرنێت. ئێوە لە دوو وڵاتی جیا دەژیان و بەرەوڕوو یەکتان نەدیبوو. هەموو پەیوەندییەکتان لە ڕێی تەلەفۆن و ئینتەرنێتەوە بوو. شەوانە تا درەنگ چاتتان دەکرد. بەدەم بیرکردنەوەوە لێی لەسەر جێگاکەت پاڵدەکەوتیت و چاوەکانت قورس دەبوون، بە دەنگی هەر پەیامێکی ئەو بۆ مۆبیلەکەت ڕادەچڵەکیت! هەر لە شەوەکانی سەرەتاوە پڕ بووبوون لە خەونی جوان، ئومێد دوو باڵ بوو لە سنگتاندا ڕوابوو، گەیاندبوونییە ترۆپکی بەختەوەری و بەدیهێنان. هێندە قەشەنگ باستان لە پێکەوە ژیان دەکرد، وەک دوو خواوەندی خۆشەویستی هەستتان بە خۆتان دەکرد..! بەو جۆرە ساڵانێکتان بەڕێکرد، تا ئێوارەیەک لە مانگی سەرماوەرزدا تۆ بە دیار کۆمپیوتەرەکەتەوە دانیشتبوویت، بەو نیازەی بێتە خەت، ئەو تەلەفۆنی کرد و وتی کە ئێستا لەم شارەیە کە تۆی لێدەژیت و دەیەوێ پاش نیو کاتژمێری تر لە جێیەکی دیاریکراو بتبینێت!!

پێش ئەو گەیشتیتە ئەوێ، لە سەرسوچی شەقامەکە وەستابوویت و چاوەڕێ بوویت، بێت! ئێوارەیەکی تاریک بوو، بەو بینا بەرزانەوە چەند گڵۆپێک کز دەسووتا، کەس بەدەرەوە نەبوو،

تەنیا تارمایی کوڕێکت دەبینی لەوبەری شەقامەکەوە لەبەردەم دەرگای کۆگایەکدا دانیشتبوو جگەرەی دەکێشا! لە دوورەوە پێدەچوو دیقەتت بدات و لە جێی خۆی نەدەجولا! دەکەوتیتە دوو دڵی و گومانەوە و لەگەڵ خۆت دەتوت؛ بڵێی ئەو بێت!؟ ئەی لەسەرچی وەستاوە! بۆچی نایەت؟ خۆم بچمە لای؟ نا، لەوەناکا خۆی بێت!، لەو کاتەدا و لەلایەکی ترەوە ئەو دەرکەوت، لەدووری چەند هەنگاوێکەوە کەوتە قسە و وتی:

*ببوورە، درەنگ کەوتم؟

-نا!

*بینینێکی لەناکاوی بێ بەرنامەیە، بەڵام خۆشە، وانییە؟ ئاخر من هەمیشە ڕقم لە خۆ ئامادە کردن و ئیلتیزاماتە، لێگەڕێ کێوی بژین و قایل نەبین بەو ڕۆتینەی کە هەیە..!

-بەڵێ!

کەوتنە ڕێ و لەسەرخۆ هەنگاوەکانتان تاریکی شەوی شەق دەکرد، نەغمەی دەنگی پڕ حەسرەتی ئەو و چریکەی پڕ ویقاری تۆ، تاو نا تاوێ بێدەنگیان دەشڵەقاند و ترس و ڕاڕاییان پەت دەکرد. دەڵێی یەکەمین جارتە هاوشانی کوڕێک ڕێ دەکەیت، نا پێشتر وەک ئێستا ڕووبەڕووی لەگەڵت کە بتوانیت بەدەمرێوە گوێت لە تەپە تەپی دڵی خۆتبێت و لە ئێوارەیەکی ناوەختی وادا، بە توێی کراسێکی ڕەشی تەنکەوە، هەست بە بەرزی پلەی گەرمای جەستەت بکەیت!

*ویستم بەر لە ونبوونم بتبینم!

-ونبوونت؟!

*بەڵێ، پێویستبوو بەر لە تەفروتوونا بوون، لە دیدارێکی گەرم و گوڕ و زیندوو دا بتدوێنم. من هەر کابرایەکی پەرت بووم و قەت خۆم بۆ کۆ نەکراوەتەوە! ئێستاش بێزار بووم لە نامەی بێگیانی ئەلەکترۆنی، حەوسەڵەی داگرتنەوەی دوگمەکانم نەما و بە سارد و سڕی تەلەفۆن ڕەقهەڵاتووم. من هەرگیز خۆشیم بە تەکنەلۆژیا نەهاتووە..!

-بەڵام تۆ ..

*تێمبڕوانە، قووڵ سەرنجم بدە و هەست بە ڕاستی ئەو قسانە بکە کە دەیڵێم، ئەو دێڕە پەرتانەم لەبیربکە کە هەنووکە لێم هەڵوەری. من هاتووم ئەوەندەت پێ بڵێم کە خۆشمویستیت و بە خۆشەویستیت دەسپێرم، ئاخر شتێک نییە لەم جیهانەدا کە ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی نەبێت، بمبوورە..!

هەوا زۆر ساردی کردبوو، توونت باوەشت کردبوو بە خۆتدا، هەڵدەلەرزیت و گازت لە ڕوومەتی خۆت دەگرت، قەمسەڵەکەی داکەند تاکو تۆ لەبەری بکەیت، قبووڵت نەکرد. دەنگی تەپەی پێڵاوەکانی بەسەر ترپە خێراکانی دڵتدا زاڵ بوو. هەستت بەغەریبی دەکرد کە ئەوت لە تەنیشت خۆتەوە دەبینی، هەستت دەکرد هەرگیز بۆ ساتێکی کەمیش چییە ئەو کوڕەت نەناسیووە!

دوای ئەوە تا بەردەم شوقەکان لەگەڵت هات و ئەو بە بەهەمان ڕێگاکەدا گەڕایەوە و تۆش سەرکەوتیتە سەرەوە بۆماڵەوە. هەر کە چوویتە ژوور، بە قورگی پڕ گریانەوە خۆتدا بە

قەنەفەکەدا، زنجیرەکەی ملت پچڕاند و مەدالیاکەت کە ناوی ئەوی لەسەر هەڵکەندرابوو، ماچ کرد، هەموو قسەکانیشی لە یەکەم ساتی ناسینییەوە تا ئەو شەوە، دەهاتنەوەیادت!

لەو ئێوارەیە بەدواوە، لەبۆ وشەیەک دەگەڕایت کە پڕاوپڕی پەیوەندی ئێوە بێت و ئەو هەست و هەڵوێستانەی پێ ناوبنێیت! دڵت هێندەی مەزنی ئەو لە چاوتدا، گەورە بوو، بەرامبەری، ناسینیت بەرز نرخاند و پاساوت بۆ هەموو لادانێکی هێنایەوە، تۆ لە قوڵایی ناختدا ئاواتی هەموو شتێکی باشت بۆ دەخواست و ئەو عەشقەی نێوانتانت وەک مروارییەک لە شوێنێکی نهێنی ڕۆحی خۆتدا بۆ تاهەتایە هەڵگرت!

مەخابن ئیتر تۆ ئەوت نەبینییەوە، هەر کەسە و بەجۆرێک بەسەرهاتی ئەوت بۆ دەگێڕێتەوە، هێندە دزێو باسی دەکەن، خەریکە پەرت پەرت ببیت بە دەیەها پارچەوە..!

دەشزانیت، ئێستاکە لە هەر کوێیەک بێت، بیرت دەکات، شەوان خەوی لێ ناکەوێت، لە هەر کاتژمێرێکدا چەندین جار لەژێر لێوییەوە بانگت دەکات، قەدەری دێز و ژانی ویژدان هەراسانیان کردووە، سیگار بە سیگار پێئەکات!

تۆش!! ئێجگار دەکۆکیت، هەناسەت توونده و وەختە بخنکێیت بە دوکەڵی جگەرەکانی، لێرەوە، قایم هەردوو گوێت گرتووە، کەچی ئەوەندەی نەماوە کەڕ بیت بە بیستنی دەنگ و هەناسەی و ناوت لەو دوورەوە! بیـــری نـــاکەیت و هەست دەکەیت خل خل گەڕاویتەتەوە سەر هەوڵدان بۆ گۆڕان و پەیڕەوکردنی نەخشە دۆزەخییەکەت! لەگەڵ بڕێک جیاوازی لە فراوانبوونی ئامانجەکاندا و کامڵ بوونی ویست و ئارەزووت! ئیدی تۆ سیماشت وەک جاران شێواو نەماوە، لەبەردەم ئاوێنەکەتدا بەخۆت شێوەیەکت لەسەر ڕووخسارت کێشاوە، شێوەیەک کە دیمەنی لە پاڵەوانی تراژیدی ترین سێرک دەچێت، دەیەوێ پێیان بڵێ ببینن خەندە لەتەک گریانیش هەڵدەکات! پێستێکی برۆنزی سپات، دوو چاوی هەمیشە فرمێسکاوی گەش بە قەڵەمی ڕەش، بە قەڵەملێوێکی سووریش قەوسی دەمێک کە هەردەم پێدەکەنێت!

لە بیری ئەوەدایت کە سنوورێک بۆ سۆزت بکێشیت... ..

تراویلکە = **سەراب**

* کۆپلە شیعرێکی (هەندرێن)